میدیای فەرمی ئێران شەهیدبوونی عەلی خامنەیی پشتڕاست کردەوە



میدیای فەرمی ئێران، بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە 1ـی ئاداری 2026، بە فەرمی هەواڵی شەهیدبوونی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە ئەنجامی هێرشکی هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیلدا ڕاگەیاند.

هاوکات ئاژانسی "فارس"ی ئێرانی لە زانیارییەکی بەپەلەدا ئاشکرای کرد، کە خامنەیی لەناو نووسینگەکەی خۆیدا لە تاران کوژراوە.

هەروەها حکوومەتی ئێران ماوەی 40 ڕۆژ ماتەمینی گشتی لە سەرتاسەری وڵات ڕاگەیاند. هاوکات بڕیاردرا بە ڕاگەیاندنی 7 ڕۆژ پشووی فەرمی و سەرتاسەری لە سەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەتدا.

میدیای فەرمی ئێران لە پەیامێکدا هەشداری دا و ڕایگەیاند: کوژرانی خامنەیی بە وەڵام نابێت و تێکۆشانێکی سەخت چاوەڕوانی ئەنجامدەرانی دەکات.

لە لایەکی دیکەوە، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە راگەیەندراوەکدا جەختی کردەوە، کە ئەم رووداوە نابەتە هەی پاشکشە، بەڵکوو دەستپەکی راپەینەکی گەورە و مێژوویی دەبەت لە ناوچەکەدا.

لەسەر ئاستی هەرێمیش، موقتەدا سەدر، رێبەری ڕەوتی نیشتمانیی شیعە، وەک هاوخەمییەک بە ئەم رووداوە، 3 ڕۆژ ماتەمینی گشتی لە عێراق راگەیاند.

سوپای پاسدارانیش لەو بارەوە ئاماژەی داوە، تەنیا لە بکوژانی خامنەیی دەکەینەوە و بە پەداگریەوە کاروانی خامنەیی تەواو دەکەین